المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (9) – العدد(1)، حزيران 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)
ص:43-59

# گونجانی کەسی لای بەساڵاچووان
## توێژینەوەیەکی مەیدانیە لە هەرێمی کوردستان/ عێراق

عادل محمد نوری عبدالله[1،2] ، نیان نامق صابر[3]

[1]بەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکان، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، عێراق
[2]بەشی پەروەردەی گشتی، زانکۆی جیهان-سلێمانی، سلێمانی، عێراق
[3]بەشی باخچەی منداڵان، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، عێراق

Email: adil.noori@univsul.edu.iq [1], nian.sabir@univsul.edu.iq [3]

**پوختە:**

گونجانی دەروونی و کۆمەڵایەتی یەکێکە لە بابەتە زیندوەکانی کایەی دەروونزانی کۆمەڵایەتی، بەو پێیەی تا مرۆڤی هۆشیارو دەروون دروست بونیاد نەنرێت کۆمەڵگەیەکی تەندروست بونیاد نانرێت، ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات گونجانی دەروونی و کۆمەڵایەتی بەساڵاچووان بخاتە ڕوو لە ڕەهەندی گونجانی کەسیانەوە، ئامانجی توێژینەوەکە دەرخستنی گونجانی کەسیە لای بەساڵاچووان بەپێی گۆڕاوەکانی (تەمەن، ڕەگەز، ئاستی خوێندن، باری کۆمەڵایەتی)، بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە میتۆدی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی بەکارهێنراوە، نمونەی توێژینەوەکە بەساڵاچووانی دانیشتویی هەرێمی کوردستانی عێراقە، ئەنجامی توێژینەوەکە دەریدەخات کە گونجانی کەسی لای بەساڵاچووان لە ئاستێکی بەرزدایە و گونجانی کەسی بەساڵاچووان بە زیاد بوونی تەمەن ناگۆڕێت، هەروەها بەساڵاچووانی ڕەگەزی نێر گونجانی کەسیان بەرزترە لە بەساڵاچووانی مێینە و گونجانی کەسی زیاد دەکات بە بەرزبونەوەی ئاستی خوێندەواری بەساڵاچووان و ئەو بەساڵاچووانەی خێزاندارن گونجانی کەسیان زیاترە لەو بەساڵاچووانەی جیابونەتەوە لە هاوسەرەکانیان، یان هاوسەرەکانیان مردوون.

**کلیلە وشە:** گونجان، گونجانی دەروونی و کۆمەڵایەتی، گونجانی کەسی، بەساڵاچووان.

**الملخص:**

تعد التوافق النفسي و الأجتماعي احد مجالات الحية في مجالات العلم النفس الأجتماعي وذلك لانه لايمكن انشاء مجتمع صحي دون اعداد فرد واعي وذا نفسية صحية , يحاول البحث اظهار توافق النفسي للمسنين في بعدها التوافق الشخصي و تهدف البحث الى اظهار التوافق النفسي لدى المسنين حسب متغيرات (العمر,الجنس , المستوى الدراسي , الوضع الاجتماعي ), استخدم البحث منهج المسح الاجتماعي و عينة البحث هي مسنين القاطنين في إقليم كوردستان و من استنتاجات التي توصل البحث اليها هي ان التوافق الشخصي عند المسنين في مستوى عالي ولا يتغير التوافق الشخصي عند المسنين مع ازدياد العمر و كذلك التوافق الشخصي عند المسنين الذكور اعلى من المسنين الانثى و تزداد التوافق الشخصي بازدياد المستوى الدراسي للمسنين وتزداد التوافق الشخصي عند المسنين الذين يعيشون مع عوائلهم عن تلك المسنين الذين فارق عوائلهم الحياة او المنفصلين.

**الكلمات المفتاحية:** التوافق، التوافق النفسي و الأجتماعي، التوافق الشخصي، كبار السن.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.1.4
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**Abstract:**

Psychological adjustment is one of the active subjects in the field of psychology, because if we don't build aware and mentally stable people, we can't build a healthy society. This research attempts to present the psychological adjustment of the elderly from the dimension of personal adjustment. The objective of this study is demonstrating the personal adjustment of the elderly according to (age, gender, education and marital status). The research was conducted using an analytic survey which is a method of social survey. The sample of the research consisted of elderly residents of the Iraqi Kurdistan Region. The results of the study show that personal adjustment among the elderly is high and does not change with age, and male elders have a higher personal adjustment level than female elders and personal adjustment increases with a higher educational level. Older people who are married have more personal adjustment more than older people who are divorced or whose spouses have died.

**Keywords**: adjustment, psychological adjustment, personal adjustment, elderly.

## 1. ناساندنی توێژینەوەکە

### 1-1 کێشەی توێژینەوەکە

گونجانی دەروونی یەکێکە لە بابەتە زیندوەکانی کایەی دەروونزانی کۆمەڵایەتی، بەو پێیەی تا مرۆڤی هۆشیارو دەروون دروست بونیان نەبێت کۆمەڵگەیەکی تەندروست بونیاد نانرێت، بۆیە بابەتی گونجان پەیوەستە بە خودی تاکەوە لەلایەك و پەیوەستە بەو کۆمەڵگەیەی تاکی تێدا دەژی لە لایەکی ترەوە، لەم میانەدا مرۆڤ بەهۆی جیاوازی لە بیرکردنەوەو جیاوازی لە ئەزمون و شێوازی ژیان و ئەو قۆناغانەی کە مرۆڤ پێیدا تێدەپەڕێت تا دەگاتە قۆناغی بەساڵاچوون کاریگەری دەبێت لەسەر گونجانی مرۆڤ لەگەڵ خودی خۆی لە لایەك و ژینگەی کۆمەڵایەتی لە لایەکی تر، ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات گونجانی کەسی و جیاوازی گونجانی دەروونی و کۆمەڵایەتی بەساڵاچووان بخاتە ڕوو.

### 2-1 گرنگی توێژینەوە

بابەتی گرنگی دان بە توێژینەوە لە سەر بەساڵاچووان، وەك گشت قۆناغەکانی تری تەمەن بابەتێکی گرنگە بەلای توێژەرانی دەروونزانی، و زیاتر هەوڵی پسپۆران بۆ ئەوە بوە تا لە ڕەهەندە جۆربەجۆرەکان و پێداویستیەکانی ئەم قۆناغەی تەمەن تێبگەن، گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە قۆناغی بەساڵاچوونی بە ئامانج گرتوە، چونکە توێژی بەساڵاچووان لە زیابونێکی بەردەوامدان لەسەر ئاستی (جیهانی و هەرێمی و ناوخۆی).

ئەم توێژینەوەیە لەهەردوو ڕوی تیۆری و پراکتیکیەوە گرنگی خۆی هەیە :

لەڕوی تیۆریەوە پاڵپشت بە چەندین سەرچاوەی زانستی یەکەمی و چەندین توێژینەوەی زانستی، ئەم توێژینەوەیە دەبێتە سەرچاوەیەکی زانستی بەهێز لە سەر گونجانی دەروونی و کۆمەڵایەتی بەساڵاچووان، چونکە کەمترین سەرچاوەی ئەکادیمی بەردەستە لەسەر ئەم بابەتە بە زمانی کوردی، لەڕووی پراکتیکیەوە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوە گرنگە بۆ خێزان بۆ تێگەیشتن لە مامەڵەیەکی دروست لە ڕووی دەروونی لەگەڵ بەساڵاچووان دا، هەلروەها گرنگە بۆ تێگەیشتن لە تایبەتمەندیەکانی قۆناغی بە ساڵاچوون.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.1.4

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

### 3-1 ئامانجی توێژینەوەکە

سەرەڕای ئەوەی کە ئەم توێژینەوە ئامانجی سەرەکی دەرخستنی گونجانی دەروونی یە لە ڕەهەندی گونجانی کەسیەوە لای بەساڵاچووان، توێژینەوەکە ئەم ئامانجانەی خوارەوەی هەیە:

1. زانینی جیاوازی گونجانی کەسی لای بە ساڵاچوان بە پێی گۆڕاوی تەمەن
2. زانینی جیاوازی گونجانی کەسی لای بە ساڵاچوان بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز
3. زانینی جیاوازی گونجانی کەسی لای بە ساڵاچوان بە پێی گۆڕاوی ئاستی خوێندەواری
4. زانینی جیاوازی گونجانی کەسی لای بە ساڵاچوان بە پێی گۆڕاوی باری کۆمەڵایەتی

### 4-1 سنوری توێژینەوەکە

1. سنوری شوێنی: هەرێمی کوردستان/ عێراق
2. سنوری کاتی: ساڵی 2202-2023
3. سنوری مرۆیی: بەساڵاچووان ئەوانەی تەمەنیان لە سەروو (60) ساڵیەوەیە.
4. سنوری بابەتی: گونجانی دەروونی و کۆمەڵایەتی (کەسی)

### 5-1 پێناسی چەمکەکان

#### 1. گونجان

ڕەفتاری تاکە بە ئامانجی دروستکردنی هارمۆنیا و ڕەزامەندی کۆمەڵایەتی لەسەر خود و ڕەفتارەکانی، بەئامانجی ڕزگار بوون لە ململانێ و قەیران کە لە ئەنجامی نارەزایەتی کۆمەڵگا بەرامبەر بە و مرۆڤە دروست دەبێت (ابوهين، 2001، 130) چەمکێکی دەروونیە زیاتر لەوەی چەمکێکی کۆمەڵناسی بێت، گوزارشتە لە هاوپەیوەندی نێوان مرۆڤ و کۆمەڵ و دۆخێکی کۆمەڵایەتی، زۆر کات گونجان بە هاومانای سازان بەکارهێنراوە (بدوي، 1978، 8).

**پێناسی توێژەر بۆ گونجان: پرۆسەی گۆڕانی تاکە لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر بە کاریگەری ژینگەی سروشتی و دەروونی و کۆمەڵایەتی تا دۆخی تاك بچێتە دۆخی هارمۆنیەوە لەگەڵ دەورو بەر تا گونجان روبدات لە نێوان خواستی تاك و داواکاریەکانی لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی ژیان دا.**

#### 2- گونجانی دەروونی

کردەیەکی داینەمکی بەردەوامە و مامەڵە لەگەڵ ڕەفتارو ژینگەی سروشتی و کۆمەڵایەتیدا دەکات بە گۆڕان یان چاکسازی تیایاندا تا گونجانێك بالانسێك لە نێوان تاك و ژینگەدا فەراهەم دەبێت، کە تێیدا پێداویستیەکانی تاك دابینبکرێت و داخوازیەکانی ژینگەش فەراهەم بکرێت.(زهران، 2005،27).

توانای تاکە بۆ ڕێکخستنەوەی ناوەکی خۆی لەرێگەی تێرکردنی پاڵنەرە ناوەکیەکانەوە لە ئەنجامدا تاك هەست بە ڕازیبون و پەسەندکردنی خودی خوی دەکات، لەمەوە تاك متمانە بەخۆی دەکات و پشت بەخۆی دەبەستێت لە کارەکانیدا (نعيسة، 2015،331). **پێناسی توێژەر بۆ گونجانی دەروونی: کردەیەکی هۆشمەندانە وبەردەوامی مرۆڤەکانە تیایدا تاکەکان هەوڵی گونجاندن دەدەن لە نێوان خواست و داواکاریەکانی خۆی لەلایەك و خواست و داواکاریەکانی ژینگەی کۆمەڵایەتی لە لایەکی تر، بە جۆرێك مرۆڤ بگونجێت لەگەڵ خودی خۆی و دەوروبەرەکەیدا، ئەمەش گەشەیەکی ئەرێنیە لە گەشەی خود و ئەزمون و هۆشمەندی مرۆڤ.**

#### 2 بەساڵاچوون

گوزارشتە لەو گۆرانکاریانەی کەلە زیادبونی تەمەنی مرۆڤەوە دەستپێدەکات هاوکات لەگەڵ گۆرانکاریە دەروونی و ئاوەزی و کرداریەکاندا، بەهۆی کاریگەریە دەروونی و کۆمەڵایەتی و بایۆلۆجی و ژینگەییەکانەوە (Corsini, 1999, 301).

بە ساڵاچوون پرۆسەیەکی ڕێکخراوە بە پێی کات کەلە تەمەنی 65 ساڵی و زیاترەوە دەسپێدەکات، لە کاتێکدا ئەوانەی لە 65 بۆ 74 ساڵین پێیان دەوترێت (بەساڵاچوونی زوو)، ئەوانەی لە تەمەنی 75 ساڵی و سەروترن پێیان دەوترێت (بەساڵاچوونی درەنگ)(Orimo et al., 2006, 149).


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.1.4
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (9) – العدد (1)، حزيران 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)
ص:43-59

پێناسی توێژەر بۆ بەساڵاچوون: دیاردەیەکی سروشتیە بەهۆی گۆڕان لە باری فیسیۆلۆجی مرۆڤ روودەدات و هاوکات لەگەڵ گۆڕانکاریە جەستەییەکان دا گۆڕانکاری روودەدات لە باری دەروونی و و ئاوەزی و هەڵچونی مرۆڤ دا، بەساڵاچوون دەگۆرێت بە هۆی هۆکارە دەرەکی و ژینگەییەکانەوە بەو مانایەی ژینگە و باری دەروونی تاکەکان کاریگەری هەیە لەسەر زووتر یان درەنگتر لە گەیشتن بە تەمەنی بەساڵاچوون.

## 2- لایەنی تیۆری

### 1-2 گونجان لەڕوی واتای و زمانەوانیەوە:

چەمکی گونجان چەمکێکە لە زانستە پەتیەکانەوە وەرگیراوە و هاتوتە ناو زانستە مرۆییەکانەوە، زانای سروشتناس و بایۆلۆجی چارلس دارون (Charles Darwin) زاراوەی گونجانی لە تیۆرەکەیدا (تیۆری پەرەسەندن) بەکارهێناوە و دەڵێت " ئەوە زیرەکترین و بەهێزترین جۆرەکان (مرۆڤ و گیانداران) نین کە زیندون، بەڵکو ئەو جۆرانە ڕزگاریان دەبێت و زیندو ماونەتەوە کە توانیویانە خۆیان بگونجێنن و ڕابهێنن لەگەڵ گۆڕانکاریە ژینگەییەکان دا" (Hortsch et al., 2020, 629) بەم جۆرە گونجان لە زانستە پەتیەکاندا بەکارهاتوە بۆ گوزارشت کردن لە ڕادەی گونجانی زیندەوەر لەگەڵ ژینگەکەیدا، پاشان بە پەرەسەندنی توێژینەوەکان لەبوارە مرۆییەکاندا چەمکی گونجان لە زانستە پەتیەکانەوە وەرگیراوەو لە زانستە مرۆییەکان دا بەکارهێنراوە.

توێژینەوەکانی بواری گونجانی مرۆییدا دەریدەخەن کە لەنێوان چەمکی خۆگونجان (سازان) و گونجان جۆرێك لە ناڕونی هەیە زاراوەی گونجان تایبەتە بە مرۆڤ و گوزارشتەوە لە هەوڵی مرۆڤ بۆ رێکخستنی ژیان و چارەسەرکردن و ڕووبەڕوبونەوەی کێشەکانی، بۆ ئەوەی تەبابیەك لەنێوان خودی خۆی و ئەوانی تر و ئەو ژینگە کۆمەڵایەتیەی تێیدا دەژی بەرهەم بهێنێت، بەڵام خۆگونجاندن گوزارشتە لە هەوڵی (مرۆڤ و گیاندارو ڕوەك) بۆ ڕاهاتن لەگەڵ ئەو ژینگە سروشتیەی کە تیایدا دەژی (جودة، 2016، 39) بۆیە چەمکی (خۆگونجان) (سازان) بەرامبەر (التكيف) لە زمانی عەرەبی دا و (Adaptation) لەزمانی ئینگلیزی دا هاوماناى گونجان نادەن، بەڵکو لە زانستی کۆمەڵناسی و دەروونناسیدا چەمکی گونجان بەرامبەر (التوافق) (Adjustment) بەکار دەهێنرێت (حسين و اليمة، 2011، 178). لەبەرئەوەی کردەی گونجان پرۆسەیەکی مرۆییە و لەئەنجامی کارلێکی ناوەکی و کۆمەڵایەتی تاکەکانەوە بەرهەم دێت، بەمەش دەردەکەوێت کە گونجان لە دوو لایەنی سەرەکی پێکدێت:

1- لایەنی خودی: توانای تاکە لە گەیشتن بە هاوسەنگی لە نێوان پێداویستی و پاڵنەرە ناوەکیەکان لەگەڵ دونیای دەرەوەی خودا.
2- لایەنی بابەتی: توانای تاکە لە هەڵبژاردن و ئەنجامدانی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان، واتا پەیوەندی دوولایەنەی ئەرێنی لە نێوان تاکەکان و بونی گیانی هاوکاری و بەخشین و لێبوردەیی. (شيخو، 2010، 49).

### 2-2 گونجان لە زانستی دەروناسیدا

بابەتی گونجان یەکێکە لە بابەتە سەرەکی و گرنگەکان لە بواری دەروونزانیدا، چەمکی گونجان لە ئەدەبیاتی دەروونزانی پەروەردەییدا بە شێوەیەکی بەرفراوان بەکارهاتووە. بەجۆرێک پرۆسەی گونجان بەیەکێك لە پرۆسە باوەکان دادەنرێت کەلە زانستی دەروونزانیدا بەکار دەهێنرێت، توێژەر مون (Munn) ئاماژە بەوە دەکات کە زانستی دەروونزانیی ئەو زانستەیە کە گرنگی بە پرۆسەی گونجانی گشت زیندەوەران دەدات و لێیان دەکۆڵێتەوە (الزاملي، 2011، 28)

توێژەران و زانایانی بواری دەروونزانی گونجانی دەروونی وەک گونجانی مرۆڤ لەگەڵ خودی خۆی و ژینگەی دەوروبەری لە هەموو ئاستەکاندا دەخەنەڕوو، هەروەها ئاماژە دەکەن بە گونجانی دەروونی، وەك توانای مرۆڤ بۆ ئاشتکردنەوەی خواست و پاڵنەرە ناکۆکەکانی مرۆڤ لەگەڵ ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکانی بەجۆرێک کە ناکۆکی ناوخۆیی ڕوونەدات، بە واتایەکی تر گونجانی دەروونی ڕازیبوونی مرۆڤە لەخۆی، هەروەها دووربونی ژیانی لە گرژی و ململانێی دەروونی، کە پەیوەستن بە هەستکردن بە تاوان و دڵەڕاوکێ و بونی کەموکوڕیەوە، لەبەر ئەوە مرۆڤ بە شێوەیەک شوێن پاڵنەرەکانی دەکەوێت کە تێریان بکات بە لەبەرچاوگرتنی خواستی کۆمەڵگە (حياة، 2013, ٦٤)، چونکە پاڵنەرە دەروونیەکان بە گرنگترین هۆکاری گونجانی دەروونی هەژماردەکرێت، بەو پێیەی تێرکردنی خواست و ویستی ڕەمەك (الغريزة) و پاڵنەرەکان دەبێتە هۆکاری گونجانی ناوەکی و وادەکات تاك هەست بەئارامی و ئاسودەیی بکات (زهران، 2005، 30-31).

لە توێژینەوە دەروونیەکاندا ئاماژە بە گونجانی دەروونی دراوە کە گوزارشتە لە **دەستکەوتێک یان دەرئەنجامێک یان پرۆسەیەک**، دەستکەوتێکە، چونکە گونجانی دەروونی دەستەواژەیەکە بۆ نیشاندانی دروستی دەروونی ئەرێنی بەکاردێت، هەروەها گونجانی دەروونی دەرئەنجامێکە و ڕەنگدانەوەی ئەوەیە کە ئایا مرۆڤدەتوانێت بە شێوەیەکی کاریگەر ڕووبەڕووی خواستەکانی

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.1.4
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ژینگەی دەوروبەر ببێتەوە، هەروەها لەگەڵ ئەو فشارەی کە ئەم خواستانە دروستی دەکەن. بەم پێیە گونجانی دەروونی پرۆسەیەکە لە وەڵامدانەوەی گونجانی ڕێژەیی تاکێک، لەگەڵ گۆڕانی بارودۆخی ژینگەیی (Lopez, 2011, 796) لەم ڕوانگەیەوە گونجانی دەروونی وەك دەرئەنجامێك دادەنرێت بۆ پێوانەکردنی دیاردە دەروونیەکان، بەو مانایەی گونجانی دەروونی سەنگی مەحەکی دیاردە دەروونیەکانە، زۆر کات دیاردە دەروونیەکانی وەك (خۆبەکەمزانین زانین و لەخۆبایبون و دڵەڕاوکێ و خەمۆکی.....هتد) وەك نیشاندەری گونجانی دەروونی بەکاردەهێنرێن. هەروەها توێژەران دەتوانن ئاستی گونجان یان باشبوونی تاکەکان پێوانەبکەن لە وەڵامی هەندێک ڕووداوی فشار ئامێز، وەک جیابوونەوە، یان نەبوونی ڕەفتاری نەخوازراوی وەک خواردنەوە یان بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان. هەرچەندە گونجان چەمکێکی فراوانە و بونیادێکی ئەبستراکتی هەیە، بەڵام دەتوانرێت دابەش بکرێت بۆ چوار ڕەهەندی سەرەکی کە بریتین لە:

1) گونجانی دەروونی بێ تەنگژە وەک نەبوونی نیشانەکانی تەنگژە دەروونییەکان (بۆ نموونە، خەمۆکی، دڵەڕاوکێ) چونکە نەگونجانی دەروونی دەتوانێت ببێتە هۆی هەستی نەرێنی، دڵەڕاوکێ، خەمۆکی، تەنیایی، هەستکردن بە گۆشەگیری و لاوازی خود (صمدی و جمالی، 2016، 2)
2) گونجانی دەروونی ئاسایی وەک بارودۆخی ئاسایی زۆرینەی مرۆڤەکان.
3) گونجانی دەروونی ئەرێنی وەك پێوەری نیشاندانی خۆشگوزەرانی بۆ نموونە (خۆبەکەمزانین، ڕازیبون لە ژیان)
4) گونجانی دەروونی وەک ئاستی تایبەتمەندی تاکێک لە گونجانی ئەرێنی (بۆ نموونە، خۆڕاگری، زیرەکی سۆزداری).

سێ ڕەهەندی یەکەمی گونجانی دەروونی ئاماژە بە گونجان دەکەن وەک دەستکەوتێک (دروستی دەروونی)، ڕەهەندی چوارەمیش پێوەرێکە بۆ گونجانی دەروونی وەک پرۆسەیەک (Lopez, 2011, 797).

کەواتە گونجانی دەروونی ڕەهەندێکی گرنگە لە ژیانی مرۆڤەکان دا، چونکە گونجانی دەروونی وابەستەی تێکڕای لایەنی ناوەکی و ژینگەیی دەرەکی مرۆڤە، کەواتە بە شێوەیەکی گشتی لێکۆڵینەوە لە بواری گونجانی دەروونی بۆ دوو مەبەستی سەرەکیە، یەکەمیان مەبەستێکی تەواو زانستییە بۆ دەستخستنی وەسفێکی دروست لە هەڵسوکەوتی مرۆڤ و ڕەفتارکردنی لەگەڵ دەروبەردا؛ مەبەستی دووەم چۆنیەتی یارمەتیدانی کەسانی ترە تا زیاتر دڵخۆشبن، سەرکەوتووبن لە بەدواداگەڕانی ئامانجەکانی ژیان، یان باشتر گونجان لەگەڵ ئەوانی تردا (Havighurst & Orr, 1995, 477).

**2-3 ڕەهەند و بوارەکانی گونجان**

**ا- بوارەکانی گونجان**

**یەکەم: گونجانی جەستەیی (بایۆلۆجی)**

گونجانی جەستەیی چێژبینینی مرۆڤە لە جەستەیەکی دور لە نەخۆشی جەستەیی و ئاوەزی و دەروونی و هەڵچونی، لەگەڵ پەسەندکردنی ڕوخسار و شێوەی دەرەوەی خود، هەروەها ڕازیبون بەو توانا و جوڵەو هێزە جەستەییەی کە مرۆڤ خاوەنیەتی (جودة، 2016، 40)، هەروەها گونجانی بایۆلۆجی وەڵامی فیزیۆلۆجی مرۆڤ بۆ پاڵنەری دەرەکی دەگرێتەوە، کە لە ڕێگەی هەستەوەرەکانەوە وەریان دەگرێت یان ئەو هەستە دەروونیانەن کە لە ڕێگەی جەستەوە وەریاندەگرێت (تاج، 2017، 26)،

**دووەم: گونجان دەروونی**

گوزارشتە لە توانای مرۆڤ بۆ ڕازیبوون و پەسەندکردنی خود و پرکردنەوە و بەدەستهێنانی پێداویستییە ناوەکیەکان و هەستکردن بە بەهای خود و چێژبینین لە دروستی دەروونی خۆی، بەوەی کە دوورە لە تێکچوونە دەماریەکان هەروەها چێژ وەرگرتن لە هاوسەنگی سۆزداری و ئارامیی دەروونی و متمانە بەخۆبوون و ڕازیبوون لەخود و تێرکردنی پێداویستییەکان و چێژوەرگرتن لە ئاسایشی کەسی، هەروەها گوزارشتە لە ئازادی پلانداننان بۆ ئامانجەکان، ئاراستەکردنی ڕەفتار و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانیان، ڕووبەڕووبوونەوەی کێشە کەسییەکان و کارکردن بۆ چارەسەرکردنیان یان گۆڕینی بارودۆخی ژینگەیی و بەدەستهێنانی ئاسایشی دەروونی.

گونجانی هەڵچوونی، گونجانی کات بەسەربردن و گونجانی جەستەیی کۆمەڵێك بنەمان بۆ گونجانی دەروونی، لەلایەکی ترەوە گونجانی دەروونی دۆخی هاوسەنگی ناوەوەی تاکیش دەگرێتەوە، بەجۆرێک مرۆڤ لە خۆی ڕازی بێت و پەسەندی بکات، لەگەڵ بوونی لە گرژی و ململانێ ڕێژەیی کە پەیوەندی بە هەستی نەرێنی سەبارەت بە خودەوە هەیە (جودة، 2016، 41)

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.1.4

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**سێهەم: گونجانی کۆمەڵایەتی**

گونجانی کۆمەڵایەتی توانای تاکە بۆ هەوڵدان بۆ ئەوەمرۆڤ ڕەزامەندبێت لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی، پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی کە تایبەتمەندە بە کردەی هاوکاری و لێبوردەیی و خۆبەخشی، بێ ئەوەی هەست بە شەڕانگێزی و بێمتمانەیی و بێباکی بکات لەگەڵ ئەوانی تردا، هەروەها گونجانی کۆمەڵایەتی دەردەکەوێت لە بوونی پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی ئەرێنی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا، گونجانی کۆمەڵایەتی واتە خۆشبەختی لەگەڵ کەسانی تر، پابەندبوون بە ئاکار و بەهاکانی کۆمەڵگەو، هاوسەنگی لەگەڵ نۆرمە کۆمەڵایەتیەکان، قبوڵکردنی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و، کارکردن بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵگە و، کارلێکی کۆمەڵایەتی دروست و دروستکردنی پەیوەندی دروست و ئەرێنی لەگەڵ ئەندامانی تری کۆمەڵگا (الكحلوت، 2011، 19).

**ب-ڕەهەندەکانی گونجان**

**یەکەم: گونجانی کەسی**

گونجانی کەسی بە یەکێك لە لایەنە گرنگەکانی گونجان دادەنرێت، بەو پێیەی گونجانی کەسی لەسەر بنەمای گونجانی ناوەکی تاك لەگەڵ خودی خۆی و لەگەڵ دەوروبەرەکەی بونیاد دەنرێت، گونجانی کەسی بەختەوەری لەگەڵ خود، ڕازیبوون لە خود، ڕازیبوونی پاڵنەر و پێداویستییە ناوخۆییە سەرەتاییەکان و زگماکیەکان و ئۆرگانی و فیزیۆلۆجیەکان دەگرێتەوە، کە گوزارشت لە ئارامییەکی ناوخۆیی دەکات کە هیچ ململانێیەکی ناوخۆیی لەناوەوەی تاکدا بونی نەبێت (زهران، 2005، ٢٧)، لەم ڕوانگەیەوە گونجانی کەسی پەیوەستە مرۆڤەکانەوە، بەوەی تاچەندە توانای چارەسەرکردنی ململانێ ناوخۆییەکانی هەیە کە بەهۆی پێکدادانی پاڵنەرە جۆراوجۆرەکانییەوە تووشی دەبن؟ هەروەها مرۆڤ توانای هاوسەنگ کردنی هەیە لە نێوان پاڵنەرەکاندا، کەواتە گونجانی کەسی ئەو پرۆسەیەیە کە مرۆڤ بەهۆیەوە هاوسەنگی لەناو خۆیدا بەدەست دەهێنێت (يوسف و بوعلام، 2015، 37).

کەواتە گونجانی کەسی و دەتوانرێت بەدەستبهێنرێت لە ڕێگەی:

1- پشت بەستنی بە خود.
2- هەستکردن بە بەهای خود.
3- هەستکردن بە سەربەخۆیی.
4- ڕزگارکردنی خود لە هەستی تەنیایی.
5- دوور بوون نەخۆشییە دەماریەکان.(عثمـــان، 2005، 19-20)

دەتوانین ئەوە بخەینەڕوو کە دەروونێکی درووست کاریگەری دەبێت لەسەر باری گونجانی کەسی، چونکە گونجانی کەسی تەواو پەیوەستە بە پرۆسە ناوەکیەکانەوە، کە دەبنەهۆی دەرکەوتنی کێشە و تەنگژەی دەروونی و کاریگەریان دەبێت لەسەر گونجانی کەسی.

**دووەم: گونجانی هەڵچونی**

ئاماژەیە بۆ گونجانی مرۆڤکە پەیوەستە بە لایەنە هەڵچونیەکانی ناوەوە بەجۆرێك باری هەڵچونی مرۆڤ نەبێتە مایەی تێکدانی پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئەوانی تردا (Sekar & Lawrence, 2016, 30)، هەروەها گونجانی هەڵچونی گوزارشتە لە توانای مرۆڤ بۆ زاڵبون بەسەر هەڵچونەکانیدا و چێژوەرگرتن لەژیان، بەدەر لە هەستی دودڵی و دڵەڕاوکێ و شڵەژان و خەمۆکی و نادروستی دەروونی، بەو واتایەی مرۆڤ ڕازیبێت لە خودی خۆی، لەلایەکی ترەوە گونجانی هەڵچونی بە واتای گۆڕانی ڕەفتارەکانی مرۆڤە بەپێی ئەو ژینگە کۆمەڵایەتیەی تێدا دەژی، تابتوانێت پەیوەندیەکی سەرکەوتوو لە نێوان خۆی و ژینگەکەیدا بونیادبنێت (محمد، 2016، 24). لەبەرئەوە گونجانی هەڵچونی گرنگە، بۆ دەربڕینی هەستەکان لەکاتی خۆیدا کەدەبێتە هۆی ڕوودانی ڕەفتارێکی ئاسایی، لە کاتێکدا دەربڕینی هەستەکان لەکاتێکی نەشیاودا دەبێتە هۆی ڕەفتارێکی نائاسایی، ئەمەش ئاماژەیە بۆ گونجانی مرۆڤ لە پەیوەندییە هەڵچونیەکانی لەگەڵ خود و لەگەڵ دەوروبەردا (Arul & Arul, 2016, 30)، ئەمەش ئەوە ڕووندوکاتەوە کە گونجانی هەڵچوونی تەواو پەیوەستە بە باری هەڵچونی مرۆڤەوە هەرکاتێك مرۆڤ بکەوێتە باری هەڵچونیەوە (ئەرێنی بێت یان نەرێنی) ئەوا کاریگەری دەبێت لەسەر دۆخی گونجانی، ئەگەر ئەو بارە هەڵچونیە لە کات و شوێنی گونجاودا بێت ئەوا گونجانی هەڵچونی مرۆڤ دەردەخات، بە پێچەوانەوە ئەگەر باری هەڵچونی لەکات و شوێنی خۆیدا نەبێت ئەوا نەگونجانی هەڵچونی مرۆڤ دەردەخات.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.1.4
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**سێهەم، گونجانی ژیانی**

گونجانی ژیانی مەبەست لە گونجانی مرۆڤە لەگەڵ بارودۆخە هەمەلایەنەکانی ژیان دا، گونجان لەگەڵ بارودۆخە نوێیەکان و ئەو هەلومەرجانەی بەسەر مرۆڤدا دێت، گونجان لەگەڵ گۆڕانی تەمەن،لەگەڵ گۆڕانی شوێن، لەگەڵ گۆرانی سیستەمی کۆمەڵایەتی و کلتورەنوێییەکان کە لەلایەن نەوەی نوێوە پیادەدەکرێت، چارەسەرکارانی سەر بە ڕەوتی زانینی (مەعریفی) ئەوە دەخەنە ڕوو کە بیروباوەڕی مرۆڤ کاریگەری لەسەر لێکدانەوە و وەڵامدانەوەی هەیە بۆ بارودۆخە جیاوازەکانی ژیان، بەمەش بیروباوەڕەکان بەشدارن لە گونجان لەگەڵ ژیان دا (Kirsh et al., 2014, 322)، بەمەش مرۆڤ توشی پەشێوی دەبێت بە گۆڕانی جۆرایەتی لە ژیانی دا، چونکە گونجانی مرۆڤ جیاوازە لە بارودۆخێکەوە بۆ بارودۆخێکی تر بەپێی ئەو ئەزمونە ژیانیەی لە ڕابردوودا هەییبوە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی، توێژەر (Shfier) ئەوە دەخاتە ڕوو کە ژیانی مرۆڤ بریتیە لە زنجیرەیەك لە گونجانی بەردەوام کە وا دەکات مرۆڤ ڕەفتارەکانی بگۆڕێت (الكندري، 1992، 182). بۆیە گونجانی ژیانی گونجانێکی هەمەلایەنە و گشتگیرە بەجۆرێك زاڵبون بەسەر دۆخی کۆمەڵایەتی مرۆڤ و گونجان لەگەڵ ئەو گۆڕانانەی لەکۆمەڵگە و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکاندا هەیە لەخۆدەگرێت.

**4-2 پێوەرەکانی گونجانی دەروونی**

بەو پێیەی کە گونجانی دەروونی پەیوەستە بە هەر دوو لایەنی ناوخۆی و ژینگەی دەروونی مرۆڤەوە، بۆیە گرنگە ئاماژە بەو پێوەرانە بدرێت کە کاریگەیان دەبێت لەسەر گونجانی دەروونی.

**1- خۆشگوزەرانی دەروونی**

خۆشگوزەرانی دەروونی گوزارشتە لە هەستکردن بە دروستی جەستەیی و دەروونی و بونی ژیانێکی شایستە (Hoxha, 2019, 23)، خواستی خۆشگوزەرانی دەروونی پەیوەستە بە ژینگەی کۆمەڵایەتی و باری ژیانی مرۆڤەوە، بەو مانایەی خۆشگوزەرانی پەیوەستە بە هەستکردن بە ئەزموونی ئەرێنی یان نەرێنی ژیان، وەك هەستکردن بە خۆشی، خەم، دڵەڕاوکێ، باری هەڵچونی (صبحي، 2001، 5)،خۆشگوزەرانی دەروونی یەکێکە لە دیارترین نیشانە و خەسڵەتەکانی دروستی دەروونی مرۆڤ لە دیارترین نیشانەکانی بریتین لە هەستکردن بە بەختەوەری ناوەکی، گونجان و لێبوردەیی بەرامبەر بە خود و پێدانی بەها بە خود، بەو پێیەی خۆشگوزەرانی دەروونی ئاسۆی نوێ بۆ مرۆڤ دەکاتەوە و دەرفەتی بۆ دەڕەخسێنێت بۆ بەدەستهێنانی ئەزموون و زانیاری جیاواز، جگە لەوەی ئاستی هۆشیاری و سەقامگیری مرۆڤ بەپێی ئەزموون و مەعریفەکەی بەرز دەکاتەوە (صبحي، 2001، 59).

**2- ڕازیبون لە ژیان**

ڕازیبون لە ژیان گوزارشتە لەو ئاستەی ژیانی مرۆڤ، کە بۆ خۆی بڕیاری لەسەر دەدات کە تاچەند لەو ژیانەی تێیدایە ڕازیە، ئەمە هەستێکی ناوەکییە و لە ڕەفتار و وەڵامەکانیدا دەردەکەوێت، هەروەها ڕەنگدانەوەی توانایەتی بۆ گونجان لەگەڵ ئەو کێشە کەسی و خێزانی و کۆمەڵایەتی و دارایی و سێکسی و تەندروستیانەی کە ڕووبەڕووی دەبنەوە. هەروەها پێناسەی ڕازیبون لەژیان دەکرێت بەو خەمڵاندنەی کە مرۆڤێك بەگشتی لەسەر جۆرایەتی ژیانی خۆی دادەنێت، بەپێی هەڵسەنگاندنی خودی خۆی (شلبى، 2012، 131).

هەروەها ڕازیبون لە ژیان یەکێکە لە پێوەرە بەهێزەکان بۆ پەسنکردن (وەصفکردن)ی گونجانی دەروونی لە قۆناغە جیاجیاکانی تەمەندا بەتایبەت لە قۆناغی بەساڵاچووندا (Hoxha, 2019, 23). چونکە ئاستی بەرزی ڕازیبون لە ژیان کاریگەری دروست دەکات لەسەر گونجانی دروست لای بەساڵاچووان. جگە لەوە توێژەران هیچ جیاوازییەکیان لە نێوان ڕازیبون لە ژیان و جۆرایەتی ژیاندا نەکردووە بەو واتایەی ڕازیبون لە ژیان و جۆرایەتی ژیان لەسەر یەك ڕاستەهێڵن و تەواو کاریگەریان لەسەر یەکتر هەیە ئەگەر ڕازیبون لەژیان لە ئاستێکی بەرزدا بێت ئەوا مرۆڤ ژیانێکی ئارام و بێتەنگژەو گونجاوی دەروونی دەبێت، یان بە پێچەوانەوە (Krause, 2004, 615) لەلایەکی ترەوە ئەتوانرێت ڕازیبوون لە ژیان بەکاربهێنرێت بۆ پێوانەکردنی ئاستی گونجانی دەروونی مرۆڤ لە قۆناغە جیاوازەکانی تەمەندا، (Hoxha, 2019, 24).

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.1.4
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**3- کەسێتی**

کەسێتی ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە گونجانی مرۆڤ لەگشت قۆناغەکانی ژیاندا و ڕۆڵێکی کارا دەگێڕێت لەسەر باری دەروونی و کۆمەڵایەتی، لەبەرئەوەی گونجانی دەروونی لە ژێر کاریگەری گۆڕانکارییە بایۆلۆجی و کۆمەڵایەتییەکاندایە، هەروەها گۆڕانکارییە بایۆلۆجییەکان کاریگەری دەخەنە سەر خانەکانی مێشك و گۆران لە بیرکردنەوەدا دروست دەکەن و گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتیەکانیش دەتوانن ببنە هۆی گۆشەگیری یان هەستکردن بە لاوازبوونە پلەو پایە، بەم پێودانگانە کەسێتی لایەنێکی زۆر گرنگە لە گونجانی مرۆڤ دا. ئەو کەسانەی کە بەڕێزەوە لە کەسێتی خۆیان دەڕوانن و گەشبین ترن، ئەگەری بەشداریان زیاترە لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکاندا و زۆرتر تێکەڵ دەبن و ئەزموونی خۆشگوزەرانییەکی دەروونی باشتریان دەبێت ( Herero & Extremera, 2010, 124).

پێنج سیفەتی سەرەکی لە کەسایەتیدا هەیە کە کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر گونجانی مرۆڤ دەبێت بە تایبەتی لە قۆناغی بەساڵاچووندا کە بریتین لە:

1- کراوەیی: ئاماژەیە بۆ ئەو کەسانەی کە کراوەن و پاڵنەریان هەیە بۆ فێربوونی بابەتی نوێ و چێژوەرگرتن لە ئەزموونی نوێ.
2- ویژدان: ئەو کەسانەی لایەنی ویژدانیان بەرزە کەسانی ڕێکخراوتر و وردترن لە چاو ئەو کەسانەی کە ئاستی ویژدانیان نزمترە.
3- کەسێتی کۆمەڵایەتی: ئاماژەیە بۆ کەسانێک کە وزەی خۆیان لە کارلێککردن لەگەڵ کەسانی ترەوە وەردەگرن، ئەم کەسانە زیاتر وزەبەخش و قسەخۆش و جەختکەرەوەن
4- ڕەزامەندی: ئەو جۆرە لەسیفەتی کەسێتی مەیلی بۆ دۆستایەتی و هاوکاریکردن و بەخشندەی هەیە
5- دەمارگیری: ئاماژەیە بۆ پلەی هەستی نەرێنی مرۆڤەکان. هەندێک جار بە ناسەقامگیری سۆزداریش ناسراوە ( Hoxha, 2019, 24).

**4- ڕێزو شکۆ**

ڕێزوو شکۆ بە یەکێك لە پایە گرنگەکانی گونجانی دەروونی هەژمار دەکرێت، چونکە مرۆڤ ناتوانێت گونجاو و خۆشگوزەران بێت ئەگەر لەناو کۆمەڵگەدا خاوەنی ڕێز و شکۆی خۆی نەبێت، بەپێی توێژینەوەکان کە لەسەر ڕێزو شکۆ ئەنجامدراون، بونی ڕێزو شکۆ کاریگەری هەیە لەسەر خۆشگوزەرانی دەروونی، ڕێزوشکۆ بەگشتی پەیوەستە بەتەمەنەوە لەبەرئەوە ڕێز لە کەسانی بەساڵاچوو لەلایەن گەنجانەوە و دورنەخستنەوەی بەساڵاچوان لەناو ژیانی کۆمەڵایەتی کاریگەری لەسەر ڕەزامەندی لە ژیان دەبێت. هەندێک لە توێژینەوەکان دەریانخستووە کە شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ کەسانی بەتەمەن لەلایەن نەوەی گەنج و هاوتەمەنەکانیانەوە دەتوانێت کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبێت لەسەر ڕازیبون لە ژیان و هەستی شکۆمەندی و خۆبەگەورە زانین، بۆیە ڕێزگرتن لە کەسانی بەساڵاچوو بەو شێوەیەی کە چاوەڕێی دەکەن یارمەتیان دەدات ڕووبەڕووی سەختیەکانی ژیان و تەمەن ببنەوە (Hoxha, 2019, 25).

**5-2 توێژینەوەکانی پێشوو**

**توێژینەوەی (محمد، 2017) بە ناونیشانی (گۆرانکاریە جەستەییەکان و پەیوەندی بە گونجانی دەروونی و کۆمەڵایەتی و چەند گۆرانێکی دیمۆگرافیەوە) (توێژینەوەیەکی مەیدانی لەسەر بەساڵاچووانی ویلایەتی جەزیرە لە سودان)**

ئامانج لەم توێژینەوەیە زانینی گۆرانگاریە جەستەییەکانی بەساڵاچوان و پەیوەندی بە گونجانی دەروونی و کۆمەڵایەتیەوە، هەروەها زانینی جیاوازی لە نێوان بەساڵاچوان لە گۆرانکاریە جەستەییەکان و گونجانی دەروونی و کۆمەڵایەتیان، توێژینەوەکە توێژینەوەیەکی مەیدانیە میتۆدی پەسنی بەکارهێناوە و نمونەی توێژینەوەکە بریتیە بوە لە (200) بەساڵاچوو، وەك نمونەو وەرگیراوە توێژینەوەکە پێوەری (Bill M.A.Hu) بەکارهێناوە بۆ زانینی ئاستی گونجانی دەروونی و کۆمەڵایەتی، ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەریدەخات کە پەیوەندیەکی وابەستەی نەرێنی هەیە لە نێوان گۆرانکاریە جەستەییەکان و گونجانی دەروونی و کۆمەڵایەتی هەروەها جیاوازی ئاماری هەیە لە گۆرانکاری جەستەیی و گونجانی دەروونی و کۆمەڵایەتی بە پێی گۆراوی نێر و مێ لە بەرژەوەندی مێ، هەروەها بە پێی گۆراوی تەمەن (60-69) (70-79) (80-زیاتر) لەبەرژەوەندی (60-69) و بەپێی گۆراوی شارو لادێ لە بەرژەوەندی لادێ نشین، بەڵام بە پێی گۆراوی (خوێندەوار و نەخوێندەوار) جیاوازی ئاماری نیە لە گۆرانکاری جەستەیی، بەڵام جیاوازی ئاماری هەیە لەگونجانی دەروونی و کۆمەڵایەتی لە بەرژەوەندی خوێندەواران (محمد، 2017).

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.1.4
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
ص:43-59
المجلد (9) – العدد(1)، حزيران 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

توێژینەوەی (لیگیا لیما و ئەوانیتر )2018 بە ناونیشانی (گونجانی دەروونی و کۆمەڵایەتی و تەندروستی لە کەسانی بەساڵاچودا: شیکارێکی دەستەیی) (توێژینەوەیەکی شیکاریە لە شاری پۆرتۆ لە پورتوگال).

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە تێگەیشتنە لە گونجانی دەروونی و کۆمەڵایەتی بەساڵاچوان و پەیوەندی بە گۆراوەکانی کۆمەڵایەتی و پزیشکی یەوە، لە روی میتودۆلۆجیەوە توێژینەوەیەکی چەندایەتی (بەشی) یە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتیە لەئەو بەساڵاچوانەی کە لە خانەکانی کۆمەڵگەی نیشتەجێی (COMMUNITY DWELLING) نیشتەجێبون نمونەی توێژینەوەکە بریتیبوە لە (922) بەساڵاچوو لە نێوان تەمەنەکانی (64-99) ساڵ، (739) پیاو (543) ژن، ئەنجامی توێژینەوەکە بریتیە لەوەی دەستەی یەکەم (249) کەس کە ئەو بەساڵاچوانەن تەمەنیان کەمە کەمترین ئاستی گونجانی کۆمەڵایەتی و دەروونیان وەرگرتوە، دەستەی دووەم (366) بەساڵاچوو کە ناوەندی تەمەنیان (71) ساڵە باشترین ئاستی گونجانی دەروونی و کۆمەڵایەتیان هەبوە، دەستەی سێهەم (310) بەساڵاچوو کە ناوەندی تەمەنیان (75) ساڵە ئاستی گونجانی دەروونی و کۆمەڵایەتیان مامناوەندە (Lima et al., 2018).

توێژینەوەی (حسين 1995): بە ناونیشانی (دەرکەوتە کۆمەڵایەتی و دیمۆگرافی و دەروونییەکانی بەساڵاچووان توێژینەوەیەکی مەیدانیە لە شاری کەرکوک) .

ئامانجی توێژینەوەکە دەرخستنی ڕووە کۆمەڵایەتی و دیمۆگرافی و دەروونییەکانی بەساڵاچووانە لای نمونەی توێژینەوەکە، توێژەر میتۆدی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی بەکارهێناوە و نمونەی توێژینەوەکە پێکهاتوە لە تەنها (150) کەس لە هەردوو رەگەز، بۆ کۆکردنەوەی داتاکانی توێژینەوەکە توێژەر ئامڕازەکانی پرسیارنامەو چاوپێکەوتنی بەکارهێناوە، ئەنجامی توێژینەوەکان دەریدەخەن کە بەساڵاچوانی نمونەی توێژینەوەکە دەریدەخات کە زۆرینەی نمونەکە روبەروی هەڵچونی دەبنەوە، هەروەها دڵەڕاوکێ و تورەبون لە لای نمونەی توێژینەوەکە لە ئاستێکی بەرزدایە (حسين، 1995).

توێژینەوەی (أمين، 2006): بەناونیشانی (ئامادەکردن و پراکترزەکردنی پێوەرێك بۆ پێوانەکردنی بارە دەروونیەکانی بەساڵاچوانی هەرێمی کوردستانی عێراق).

ئامانجی توێژینەوەکە بونیادنانی پێوەرێکە بۆ پێوانەکردنی باری دەروونی بەساڵاچوان بە پێی پێوەرەکانی (هەست کردن بە تەنیایی، شەرم، دڵە ڕاوکێ، خەمۆکی، هەستکردن بە گوناە، هەستکردن بە پەشیمانی) و پراکتیزەکردنی پێوەرەکە بەسەر بەساڵاچوانی نمونەی توێژینەوەکە، میتۆدی توێژینەوەکە میتۆدی پەسنیە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتیە لەسەرجەم بەساڵاچوانی هەرێمی کوردستانی عێراق و (200) بەساڵاچوو وەك نمونەی توێژینەوەکە وەرگیراوە و پێوەرەکەیان لەسەر جێبەجێکراوە، ئەنجامی توێژینەوەکە گەیشتە ئامادەکردنی پێوەرێك بۆ پێوانەکردنی بارە دەروونیەکانی بەساڵاچوان کە بریتیبوو لە (91) برگە، هەروەها گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە باری دەروونی بەساڵاچوان لەبارێکی دەروونی باش دان (أمين، 2006).

## 3- ڕێکاریەکانی توێژینەوە

### 1-3 میتۆدی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی چەندێتیە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە توێژەر شێوازی وەصفی (پەسنی) بەکارهێناوە، بەو پێیەی توێژینەوەکە هەوڵ دەدات پەسنی گونجانی دەروونی و گونجانی کۆمەڵایەتی بکات کە پەیوەستە بەژیانی بەساڵاچووانەوە، هەروەها وێنای واقعی دەروونی و کۆمەڵایەتیان دەکات، لەلایەکی ترەوە توێژینەوەکە هەوڵی شیکردنەوەو ڕونکردنەوەی گونجانی دەروونی و کۆمەڵایەتی دەدات، بۆیە لە توێژینەوەکەدا میتۆدی **ڕوپێوی کۆمەڵایەتی** بەکارهێنراوە.

### 2-3 کۆمەڵگەی توێژینەوەکە

کۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیە بریتیە لەسەرجەم ئەو بەساڵاچوانەی کە دانیشتوی هەرێمی کوردستان/ عێراقن و لە کاتی ئەنجامدانی توێژینەوەکەدا تەمەنیان (60) ساڵ یان زیاتربوو، بەو پێیەی ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان/عێراق بریتیە (6,171,083) ئەوا بەساڵاچووان ڕێژەی (6.07%) دانیشتوان پێکدەهێنن، واتە تێکرای بەساڵاچووان بریتیە لە (375085) کە دابەشبوون بەسەر پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆك، هەڵەبجە[1]) وەك لە خشتەی (1) دا خراوەتە ڕوو، (35.485%)ی بەساڵاچووان لە

1 ئاماری پارێزگای هەڵەبجە جیانەکراوەتەوە لە ئاماری پارێزگای سلێمانی بەهۆی ئەنجام نەدانی ڕوپێوی گشتیەوە لەدوای بە پارێزگا بوونی هەڵەبجە


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.1.4
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

پارێزگای هەولێرن و (34.41%) یان دانشتوی شارەکانی سلێمانی و هەڵەبجەن و تەنها (21.105%) یان دانشتوی پارێزگای دهۆکن.

**خشتەی (1) کۆمەڵگەی توێژینەوەکە[2]**

| تەمەن | هەولێر | سلێمانی | دهۆك | هەرێمی کوردستان |
|---|---|---|---|---|
| 60-64 | 46,576 | 55,223 | 27,119 | 128,918 |
| 65-69 | 33,981 | 40,621 | 19,515 | 94,117 |
| 70-74 | 22,434 | 27,018 | 12,680 | 62,133 |
| 75-79 | 11,942 | 14,415 | 6,618 | 32,974 |
| 80+ | 18,166 | 25,543 | 13,230 | 56,940 |
| گشتی | 133,100 | 162,820 | 79,162 | 375,082 |
| ڕێژە/دانیشتوان | 2.157% | 2.638% | 1.283% | 6.078% |
| ڕێژە/پارێزگا | 35.485% | 43.41% | 21.105% | 100% |

**3-3 نموونەی توێژینەوەکە**

توێژینەوە لەهەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و پەروەردەی و دەروونی پشت دەبەستێت بە نمونەیەکی دیاریکراو لەو دیاردەیەی توێژینەوەکەی لەبارەوە دەکرێت، بەبێ بونی نمونەیەك ناتوانرێ توێژینەوە دەربارەی هیچ کێشەیەك بکرێت و نمونە دەناسرێت بە بەشێك لە کۆمەڵگەی توێژینەوە(الخالق & شوکت, 2007 ,157) واتە پێویستە نمونە هەڵگری خەسڵەت و تایبەتمەندیەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بێت، نمونەی توێژینەوەکە بریتیە لەو بەساڵاچووانەی لەناو خێزاندا بەئاسایی دەژین نمونەی توێژینەوەکە بەشێوازی هەرەمەکی سادە وەرگیراوە، توێژەر بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە (422) بەساڵاچوو وەك نموونە لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە وەرگرتوە، نمونەکە بە پێی ڕێژەی بەساڵاچووان لەسەر ئاستی پارێزگا وەرگیراوە بەجۆرێك (150) بەساڵاچوو (35.55%) لە پارێزگای هەولێر و (147) یان لە پارێزگای سلێمانی بەرێژەی (34.83%) و (91) یان لە پارێزگای دهۆك بەرێژەی (21.56%) و (34) یان لە پارێزگای هەڵەبجەن بە ڕێژەی (8.06%)، وەك لە خشتەی (2) دا ڕوونکراوتەوە.

**خشتەی (2) دابەشبونی نمونەی توێژینەوەکە**

| پارێزگا | دووبارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| هەولێر | 150 | 35.55% |
| سلێمانی | 147 | 34.83% |
| دهۆك | 91 | 21.56% |
| هەڵەبجە | 34 | 8.06% |
| گشتی | 422 | 100% |

بەشێوەیەکی گشتی خەسڵەتە وەرگیراوەکانی نمونەی توێژینەوەکە بریتین لە: (تەمەن، ڕەگەز، ئاستی خوێندن، باری کۆمەڵایەتی) سەبارەت بە گۆڕاوی تەمەنی نمونەی توێژینەوەکە دابەشبوون بەسەر چەند دەستەیەکدا ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان (60-64) ساڵدا (25.12%) نمونەکە پێکدەهێنن و ئەوانەی لە نێوان (65-69) ساڵدان (33.18%) پێکدەهێنن کە بەبەراورد بە دەستە تەمەنیەکانی تر بەپلەی یەکەم دێت، ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان (70-74) ساڵدا (18.96) ی نمونەکەن ئەوانەی لە نێوان (75-79) ساڵن (14.6%) نمونەکەن و کەمترین ڕێژەی تەمەنی وەرگیراو ئەوانەن تەمەنیان لە نێوان (80- زیاتر) دایە بەڕێژەی (8.06%) نمونەکە.

ڕەگەزی نمونەکە پێکدێت لە (220) بەساڵاچوو لە ڕەگەزی نێرو (202) بەساڵاچوو لە ڕەگەزی مێ، سەبارەت بە ئاستی خوێندن (185) یان نەخوێندەوارن و (90) یان بڕوانامەی سەرەتاییان هەیە و (27) یان بڕوانامەی ناوەندی و (25) یان خوێندنی ئامادەییان تەواو کردوە، هەروەها (13) یان هەڵگری بڕوانامەی دبلۆمن و (79) هەڵگری بڕوانامەی بکالۆریۆسن، لە کاتێکدا تەنها

2 ئاماری بەساڵاچووان لە دەستەی ئامار وەرگیراوە و ئامارەکە لەسەر بنەمای خەمڵاندن بۆ ژمارەی دانیشتوان بۆ ساڵی (2020) ئەنجامدراوە.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.1.4
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

(3) کەسیان ماستەریان خوێندوە، لەڕوی باری کۆمەڵایەتیەوە (288) بەساڵاچوو لەگەڵ هاوسەرەکانیان دەژین و (48) یان لە هاوسەرەکانیان جیابونەتەوە و (86) یان هاوسەریان نەماوە، لە کاتێکدا (32.9%) ی بەساڵاچووان بەتەنیا یان لەگەڵ هاوسەرەکانیان دەژین و (32.5%) یان ژمارەی ئەندامانی خێزانیان (2-4) کەسە (21.3%) یان ژمارەی ئەندامانی خێزانیان (4-6) کەسە، لەکاتێکدا (13.3%) یان ژمارەی ئەندامانی خێزانیان لە شەش کەس یان زیاترە. بڕوانە خشتەی (3) کە تێیدا زانیاریە تایبەتیەکانی نمونەکە خراونەتە ڕوو.

**خشتەی (3) زانیاریە تایبەتیەکانی نمونەکە**

| بڕگە | بژاردە | دووبارە | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| تەمەن | 60-64 | 106 | 25.12% |
| | 65-69 | 140 | 33.18% |
| | 70-74 | 80 | 18.96% |
| | 75-79 | 62 | 14.69% |
| | 80-زیاتر | 34 | 8.06% |
| ڕەگەز | نێر | 220 | 52.13% |
| | مێ | 202 | 47.87% |
| ئاستی خوێندن | نەخوێندەوار | 185 | 43.84% |
| | سەرەتایی | 90 | 21.33% |
| | ناوەندی | 27 | 6.40% |
| | ئامادەیی | 25 | 5.92% |
| | پەیمانگا | 13 | 3.08% |
| | زانکۆ | 79 | 18.72% |
| | خوێندنی باڵا/ماستەر | 3 | 0.71% |
| باری کۆمەڵایەتی | بوونی هاوسەر | 288 | 68.25% |
| | جیابوەوە | 48 | 11.37% |
| | مردوو(ژن، مێرد ) | 86 | 20.38% |
| گشتی | | 422 | 100% |

**3-4 ڕاستگۆی پێوەرەکە**

بۆ دیاریکردنی ڕاستگۆی ڕواڵەت توێژەر هەستا بە دابەشکردنی پێوەری توێژینەوەکە بەسەر (25) پسپۆڕ لە بوارەکانی کۆمەڵناسی و دەروونزانیدا، داوایان لێکرا سەرنج و تێبینی خۆیان سەبارەت بە گونجاوی بڕگەکان بخەنەروو، وە هەر گۆڕانکاریەک کە بە باشی دەزانن پێشنیاری بکەن، دوای گەڕاندنەوەی سەرنج و تێبینی پسپۆڕەکان، دەرکەوت کە ڕێژەی ڕێکەوتنی پسپۆڕان لەسەر سەرجەم بڕگەکانی پێوەری گونجانی دەروونی (82.32%) ە .

**3-5 جێگیری ئامرازی توێژینەوە**

بۆ دەرهێنانی جێگیری بۆ پێوەرەکە پشت بە هاکۆلکەی (کرۆنباغ- ئەلفا) بەسترا لە ئەنجامدا دەرکەوت کە بەهای کرۆنباغ- ئەلفا دەکاتە (0.888) کە ئەمانەش ئاستی بەرزی جێگیری پێوەرەکە دەردەخات، بڕوانە خشتەی (4).

**خشتەی (4)جێگیری پێوەری دەروونی**

| ژمارەی بڕگە | هاوکۆلکە | بەها |
|---|---|---|
| 10 | کرۆنباغ-ئەلفا | 0.888 |


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.1.4
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (9) – العدد (1)، حزيران 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

### 6-3 ئامرازی توێژینەوە

توێژەر بۆ کۆکردنەوی داتاکان لە نمونەی توێژینەوەکە بەسود وەرگرتن لە چەند پێوەرێکی تر، پێوەرێکی بەکارهێناوە کە پێکهاتووە لە (10) برگە کە پێوانەی گونجانی دەروونی بەساڵاچووانی پێکردوە، پاش ئەنجامدانی راستی بۆ پێوەرەکە.

### 6-3 کەرەستە ئاماریەکان

بۆ دەرهێنانی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەستەوارەی ئاماری (SPSS) بەکارهێنراوە .

### 4- ئەنجامەکانی توێژینەوەکە

**1- بونی پلەی جیاوازی لە گونجانی دەروونی و کۆمەڵایەتی لای بە ساڵاچوان بە پێی گۆڕاوی تەمەن**

سەبارەت بە جیاوازی گونجانی دەروونی بەساڵاچووان بەپێی بەهای هاوکۆلکەی شیکاری جیاوازی یەکلایەنە ( one-way ANOVA) دەرکەوت کە هیچ جیاوازیەك نیە لە گونجانی کەسی بەپێی تەمەنی بەساڵاچووان، چونکە بەهای بەڵگەداری (0.1) گەورەترە لە ئاستی بەڵگەداری (0.05)، کەواتە بەساڵاچووان جیاواز نین لە گونجانی کەسی بەپێی ئاستە تەمەنیەکان، بروانە خشتەی (5) بۆ ڕونکردنەوەی زیاتر.

**خشتەی (5) جیاوازی گونجانی دەروونی بەساڵاچووان بەپێی تەمەن**

| گۆڕاو | جیاوازیەکان | کۆی دووجاکان | نمرەی ئازاد | دوجای ناوەند | بەهای (F) | بەهای بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| گونجانی کەسی | لە نێوان گروپەکان دا | 215.707 | 4 | 53.927 | 1.960 | 0.1 |
| | لەناو گروپەکان دا | 11475.243 | 417 | 27.519 | | |
| | گشتی | 11690.950 | 421 | | | |

**2- بونی پلەی جیاوازی لە گونجانی دەروونی لای بە ساڵاچوان بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز**

بۆ زانینی ئاستی جیاوازی گونجانی کەسی بەپێی ڕەگەز توێژینەوەکە هاوکێشەی (تا)ی بۆ دوو نمونە(گۆڕاو) ی سەربەخۆ (independent sample t test) بەکارهێنراوە، لەئەنجامدا دەرکەوت جیاوازی هەیە لە گونجانی کەسی بەساڵاچووان بەو پێیەی بەهای بەڵگەداری (0.001) بچوکترە لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) لەبەرژەوەندی ڕەگەزی نێر چونکە ناوەندە ژمێرەیی ڕەگەزی نێر (35.31) گەورەترە لە ناوەندە ژمێرەیی ڕەگەزی مێ (32.96)، لە خشتەی (5) جیاوازی گونجانی دەروونی بەساڵاچووان بەپێی نمونەی توێژینەوەکە خراوەتە ڕوو.

**خشتەی (5) جیاوازی گونجانی دەروونی بەساڵاچووان بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز**

| تەوەر | ڕەگەز | دووبارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی | بەهای تا | | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| گونجانی کەسی | نێر | 220 | 35.31 | 4.78 | 4.697 | 1.966 | 420 | 0.001 |
| | مێ | 202 | 32.96 | 5.51 | | | | |

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.1.4
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**3- بونی پلەی جیاوازی لە گونجانی دەروونی لای بە ساڵاچوان بە پێی گۆڕاوی ئاستی خوێندەواری**

ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەربارەی گونجانی دەروونی بە پێی ئاستی خوێندن بە بەکارهێنانی هاوکۆلکەی شیکاری جیاوازی یەکلایەنە (one-way ANOVA) بۆ نمونەکە دەریدەخات کە جیاوازی هەیە لە گونجانی کەسی بە پێی گۆڕانی ئاستی خوێندن لای بەساڵاچووان، وەك لە خشتەی (6) دا خراونەتە ڕوو:

**خشتەی (6) جیاوازی گونجانی دەروونی بەساڵاچووان بەپێی گۆڕاوی ئاستی خوێندن**

| تەوەر | جیاوازیەکان | کۆی دووجاکان | نمرەی ئازاد | دوجای ناوەند | بەهای (F) | بەهای بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| گونجانی کەسی | لە نێوان گروپەکان دا | 694.184 | 6 | 115.697 | 4.366 | 0.000 |
| | لەناو گروپەکان دا | 10996.766 | 415 | 26.498 | | |
| | گشتی | 11690.950 | 421 | | | |

لەبەر ئەوەی هاوکۆلکەی شیکاری جیاوازی یەکلایەنە (one-way ANOVA) پێمان دەڵێت کە جیاوازی ئاماری هەیە، بەڵام دەریناخات کە جیاوازی لە نێوان چ ئاستێکی خوێندندا هەیە، لەبەر ئەوە پشت بە هاوکۆڵکەی (بەراوردی فرەیی (LSD)) بەسترا بۆ زانینی جیاوازی نێوان ئاستەکانی خوێندن لە ئەنجامدا دەرکەوت:

سەبارەت بە گونجانی کەسی خشتەی (7) دەریدەخات کە جیاوازی بەڵگەداری هەیە لە نێوان نەخوێندەوار و (ناوەندی، ئامادەیی، زانکۆ) و (سەرەتای و زانکۆ)، بەو پێیەی بەهای بەڵگەداریان بچوکترە لە ئاستی بەڵگەداری (0.05)، وە بە بەراوردکردنی ناوەندی ژمێرەیی دەرکەوت ناوەندی ژمێرەیی گشتی (34.18) گەورەترە لە ئاستی خوێندنی نەخوێندەوار (32.98) و سەرەتایی (33.9)، بەڵام بچوکترە لە ئاستەکانی تر، ئەمەش دەریدەخات کە تا ئاستی خوێندن بەرز بێتەوە گونجانی کەسی زیاد دەکات، کەواتە تا بڕوانامە بەرزتر بێت گونجانی کەسی زیاد دەکات.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.1.4
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (9) – العدد (1)، حزيران 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**خشتەی (7) بەراوردی فرەیی (LSD) بۆ گونجانی خودی**

| گۆڕاوەکان | | ناوەندی ژمێرەیی | جیاوازی ناوەندەکان | بەهای بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|
| نەخوێندەوار | سەرەتایی | 32.98 | -0.92 | 0.167 |
| | ناوەندی | | -2.53473* | 0.017 |
| | ئامادەیی | | -3.13622* | 0.004 |
| | پەیمانگا | | -2.86 | 0.053 |
| | زانکۆ | | -2.90229* | 0.000 |
| | خوێندنی باڵا/ماستەر | | -3.35 | 0.264 |
| سەرەتایی | نەخوێندەوار | 33.9 | 0.92 | 0.167 |
| | ناوەندی | | -1.62 | 0.153 |
| | ئامادەیی | | -2.22 | 0.057 |
| | پەیمانگا | | -1.95 | 0.203 |
| | زانکۆ | | -1.98608* | 0.013 |
| | خوێندنی باڵا/ماستەر | | -2.43 | 0.421 |
| ناوەندی | نەخوێندەوار | 35.52 | 2.53473* | 0.017 |
| | سەرەتایی | | 1.62 | 0.153 |
| | ئامادەیی | | -0.60 | 0.674 |
| | پەیمانگا | | -0.33 | 0.851 |
| | زانکۆ | | -0.37 | 0.749 |
| | خوێندنی باڵا/ماستەر | | -0.81 | 0.795 |
| ئامادەیی | نەخوێندەوار | 36.12 | 3.13622* | 0.004 |
| | سەرەتایی | | 2.22 | 0.057 |
| | ناوەندی | | 0.60 | 0.674 |
| | پەیمانگا | | 0.27 | 0.876 |
| | زانکۆ | | 0.23 | 0.843 |
| | خوێندنی باڵا/ماستەر | | -0.21 | 0.946 |
| پەیمانگا | نەخوێندەوار | 35.85 | 2.86 | 0.053 |
| | سەرەتایی | | 1.95 | 0.203 |
| | ناوەندی | | 0.33 | 0.851 |
| | ئامادەیی | | -0.27 | 0.876 |
| | زانکۆ | | -0.04 | 0.979 |
| | خوێندنی باڵا/ماستەر | | -0.49 | 0.883 |
| زانکۆ | نەخوێندەوار | 35.89 | 2.90229* | 0.000 |
| | سەرەتایی | | 1.98608* | 0.013 |
| | ناوەندی | | 0.37 | 0.749 |
| | ئامادەیی | | -0.23 | 0.843 |
| | پەیمانگا | | 0.04 | 0.979 |
| | خوێندنی باڵا/ماستەر | | -0.45 | 0.883 |
| خوێندنی باڵا/ماستەر | نەخوێندەوار | 36.33 | 3.35 | 0.264 |
| | سەرەتایی | | 2.43 | 0.421 |
| | ناوەندی | | 0.81 | 0.795 |
| | ئامادەیی | | 0.21 | 0.946 |
| | پەیمانگا | | 0.49 | 0.883 |
| | زانکۆ | | 0.45 | 0.883 |
| گشتی | | 34.18 | | |

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.1.4
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ص:43-59
المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (9) – العدد(1)، حزيران 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

### 4- بونی پلەی جیاوازی لە گونجانی دەروونی لای بە ساڵاچوان بە پێی گۆڕاوی باری کۆمەڵایەتی

ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەربارەی گونجانی دەروونی بە پێی گۆڕاوی باری کۆمەڵایەتی بە بەکارهێنانی هاوکۆلکەی شیکاری جیاوازی یەکلایەنە (one-way ANOVA) بۆ نمونەکە دەریدەخات کە جیاوازی هەیە لە گونجانی کەسی بە پێی گۆڕانی باری کۆمەڵایەتی لای بەساڵاچووان، چونکە بەهای بەڵگەداری بچوکترە لە ئاستی بەڵگەداری وەك لە خشتەی (8) دا خراوەتە ڕوو:

**خشتەی (8) گونجانی دەروونی بەپێی گۆڕاوی باری کۆمەڵایەتی**

| تەوەر | جیاوازیەکان | کۆی دووجاکان | نمرەی ئازاد | دوجای ناوەند | بەهای (F) | بەهای بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| گونجانی کەسی | لە نێوان گروپەکان دا | 1200.732 | 2 | 600.366 | 23.980 | 0.001 |
| | لەناو گروپەکان دا | 10490.218 | 419 | 25.036 | | |
| | گشتی | 11690.950 | 421 | | | |

بە بەکارهێنانی هاوکۆڵکەی بەراوردی فرەیی (LSD) دەرکەوت کە جیاوازی بەڵگەداری هەیە لە نێوان خێزاندار و (جیابوەوە و (ژن، مێر) مردوو)، چونکە بەهای بەڵگەداریان لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) بچوکترە، لەبەرئەوەی ناوەندی ژمێرەیی خێزاندار (35.29) گەورەترە لە ناوەندی ژمێرەیی گشتی (34.18)، بەڵام ناوەندی ژمێرەیی ئەوانەی لە هاوسەرەکانیان مردووە (32.36) و ئەوانەی لە هاوسەرەکانیان جیابونەتەوە (30.77) بچوکترن لە ناوەندی گشتی، کەواتە گونجانی کەسی لای ئەو بەساڵاچووانەی خێزاندارن بەرزترە لەوانەی جیابونەتەوە یان هاوسەرەکانیان مردوون، وەك لە خشتەی (9) دا خراوەتە ڕوو.

**خشتەی (9) بەراوردی فرەیی (LSD) بۆ گونجانی دەروونی و گۆڕاوی باری خێزانی**

| تەوەرەکان | گۆڕاوەکان | | ناوەندی ژمێرەیی | جیاوازی ناوەندەکان | بەهای بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|
| گونجانی کەسی | خێزاندار | جیابوەوە | 35.29 | 4.52431* | 0.000 |
| | | مردوو(ژن، مێرد) | | 2.93467* | 0.000 |
| | جیابوەوە | خێزاندار | 30.77 | -4.52431* | 0.000 |
| | | (ژن، مێرد) مردوو | | -1.58963 | 0.079 |
| | مردوو(ژن، مێرد) | خێزاندار | 32.36 | -2.93467* | 0.000 |
| | | جیابوەوە | | 1.58963 | 0.079 |
| ناوەندی گشتی | | | 34.18 | | |

### 2-4 ئەنجامەکانی توێژینەوەکە

1- گونجانی دەروونی لای بەساڵاچووان لە ئاستێکی بەرزدایە
2- گونجانی دەروونی بەساڵاچووان بە زیاد بوونی تەمەن ناگۆڕێت
3- بەساڵاچووانی ڕەگەز نێر گونجانی دەروونیان بەرزترە لە بەساڵاچووانی مێینە
4- گونجانی دەروونی زیاد دەکات بە بەرزبونەوەی ئاستی خوێندەواری بەساڵاچووان
5- ئەو بەساڵاچووانەی خێزاندارن گونجانی دەروونیان زیاترە لەو بەساڵاچووانەی جیابونەتەوە لە هاوسەرەکانیان، یان هاوسەرەکانیان مردوون.

### 3-4 پێشنیارەکانی توێژینەوە

1- ئەنجامدانی توێژینەوەیەك لەسەر گونجانی بەساڵاچووان لەچەند ڕەهەندێکی جیاوازەوە
2- ئەنجامدانی توێژینەوەیەك لەسەر گونجانی کەسی لای بەساڵاچووانی خانەی بەساڵاچووان.
3- ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی بەراوردکاری لەسەر گونجانی دەروونی لە نێوان بەساڵاچووانی ناو ماڵ لەگەڵ بەساڵاچووانی خانەکانی بەساڵاچووان.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.1.4
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

### 4-4 ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە

4- هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە سەبارەت بە تێگەیشتن لەو گۆڕانکاریە جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتیانەی کەبەسەر بەساڵاچووواندا دێت، لەڕێگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و بڵاو کراوەکانەوە.

5- هاوکاریکردنی ئەو ڕێکخراو دەزگایانەی کە کاردەکەن لەپێناو یارمەتیدانی بەساڵاچووان.

6- پێویستە وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی چەندین هەڵمەتی هۆشیاری ڕێکبخات لەپێناو هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە تا ڕێزی زیاتر لە بەساڵاچووان بگرن.

### سەرچاوە ئینگلیزیەکان

1. Arul, S., & Arul, Lawrence A. S. (2016). Emotional, Social, Educational Adjustment of Higher Secondary School Students in Relation to Academic Achievement. Journal of Educational Psychology, 10, 29-35.
2. Ahmed, O. A., & Abdulla, A. M. N. (2020). Gender Awareness against the Work of Women by University Teacher. *Halabja University Journal*, *5*(2), 278-291.
3. Corsini, Raymond. (1999). The Dictionary of Psychology. London: Oxford University Press. T.J. International Pad Stow
4. Havighurst, Robert J., & Orr, Betty E. (1995). Aging and Psychological Adjustment. American Educational Research Association, 25(5).
5. Herero, Vanessa González, & Extremera, Natalio. (2010). Daily life activities as mediators of the relationship between personality variables and subjective well-being among older adults. Personality and Individual Differences, 49(2), 124-129.
6. Hortsch, Michael, Markovac, Jasna, & Woolliscroft, James O. (2020). Introduction to the special collection on biomedical education. Faseb Bioadvances, 2(11).
7. Hoxha, Agron. (2019). Psychological Factors Influencing Adjustment to Retirement. Prizren Social Science Journal, 3(3), 22-31.
8. Kirsh, Steven J., Duffy, Karen Grover, & Atwater, Eastwood. (2014). Psychology for Living ADJUSTMENT, GROWTH, AND BEHAVIOR TODAY (Craig Campanella Ed. Eleventh Edition ed.). United States of America: Pearson.
9. Krause, Neal. (2004). Lifetime trauma, emotional support, and life satisfaction among older adults. The Gerontologist, 44(5), 615-623.
10. Lima, Ligia, Santos, Célia, Bastos, Celeste, & Martins, MM. (2018). Psychosocial adjustment and health in older people: cluster analysis. Revista de Enfermagem Referência, 4(Nº16), 9-18.
11. Lopez, Shane J. (2011). The encyclopedia of positive psychology: John Wiley & Sons.
12. Orimo, Hajime, Ito, Hideki, Suzuki, Takao, Araki, Atsushi, Hosoi, Takayuki, & Sawabe, Motoji. (2006). Reviewing the definition of "elderly". Geriatrics & gerontology international, 6(3), 149-158. doi:10.1111/j.1447-0594.2006.00341.x
13. Sekar, J, & Lawrence, AS. (2016). Emotional, Social, Educational Adjustment of Higher Secondary School Students in Relation to Academic Achievement. Journal on Educational Psychology, 10(1), 29-35.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.1.4
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (9) – العدد(1)، حزيران 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**سەرچاوە عەرەبیەکان**

14. ابو هين، فضل (2001) تقدير الذات وعلاقته بالتوافق النفسي والاجتماعي لدى الشباب الفلسطيني المشارك في انتفاضة الأقصى. مجلة محكمة الأقصى، المجلد الخامس، 117-154 .
15. أمين، سلوى أحمد (2006) بناء مقياس الحالات النفسية للمسنين وتطبيقة فى اقليم كردستان العراق (رسالة الماجستير غير منشورة)، جامعة صلاح الدين .
16. بدوى، احمد زكي (1978) معجم مصطلحات العلوم الاجتماعي،ط 1، مكتبة لبنان، لبنان/ بيروت:.
17. تاج، طالبي (2017) التوافق النفسى و الأجتماعي لأبناء الأم العاملة (رسالة ماجستير غير منشورة)، جامعة الدكتور مولاى الطاهر -سعيدة/ الجزائر.
18. جودة، منيرة محمود (2016) الخبرات الصادمة لدى أمهات الأيتام وعلاقتها بالتوافق النفسي والاجتماعي لدى الأم والطفل(رسالة ماجستير غير منشورة)، الجامعة الإسلامية بغزة.
19. حسين، أكرم غلام محمد (1995) المظاهر الأجتماعية والديمغرافية والنفسية للمسنين- دراسة ميدانية في مدينة كركوك ( أطروحة دكتوراه غير منشورة)، جامعة بغداد.
20. حسين، علي عبد الحسن و اليمة، حسين عبد الزهرة عبد (2011) لتوافق النفسي والاجتماعي وعلاقته بتقدير الذات لدى طلبة كلية التربية الرياضية جامعة كربلاء مجلة القادسية لعلوم التربية الرياضية، المجلد 11 (العدد 3)، 177-218 .
21. حياة، معاش (2013) إلتـجاهـــات نحو المدرسة وعالقتها بالتوافق النفسي االجتماعي
22. الخالق، فوزى عبد و شوكت، على احسان (2007) طرق البحث العلمي "المفاهيم والمنهجيات ."طبعة الاولى) مؤسسة الثقافة الجامعية: دار المناهج للنشر والتوزيع.
23. دراسة ميدانية على عينة من تلاميذ بعض الثانويات بمدينة بسكرة (رسالة ماجستير غير منشورة)، جامعة محمد خيضر- بسكرة.
24. الزاملي، محمد موحان ياسر (2011) السلوك التوكيدي وعلاقته بالتوافق النفسي والاجتماعي لدى طلبة معهد إعداد المعلمين في محافظة كربلاء (رسالة ماجستير غير منشورة في علم النفس التربوي)، جامعة كربلاء.
25. زهران، حامد عبدالسلام (2005) الصحة النفسية والعلاج النفسي، الطبعه الرابعه، عالم الكتب.
26. شلبي، عالية السادات (2012) الرضا عن الحياة وعلاقته بتقدير الذات والوحدة النفسية في ضوء بعض المتغيرات الديموجرافية لدى الأخصائي الاجتماعي. مجلة بحوث التربية النوعية،(27)2012 ، doi:DOI: 127-159. 10.21608/mbse.2012.145098
27. شيخو، سهاد أحمد (2010) التنميط الجنسى و علاقته و بالتوافق النفسي والاجتماعي لدى الأطفال فاقدي الأب (رسالة ماجستير غير منشورة)، جامعة السليمانية.
28. صبحي، سيد (2001) راحة البال والشباب. القاهرة- مصر: الدار المصرية اللبنانية.
29. عثمــان، عثمــان حمــدين (2005) التوافق النفسى والاجتماعي لدى النازحين الشباب (١٦-٢٠ ) سنة بحى السلامة_ مدينة ربك _ ولاية النيل الابيض (رسالة ماجستير فى علم النفس غير منشورة)، جامعة الخرطوم.
30. الكحلوت، اماني حمدي شحادة (2011) دراسة مقارنة للتوافق النفسي الاجتماعي لدى أبناء العاملات وغير العاملات في المؤسسات الخاصة في مدينة غزة (رسالة ماجستير غير منشورة)، جامعة الاسلامية- غزة .
31. الكندري، أحمد محمد مبارك (1992) علم النفس الأسري: مكتبة الفلاح-الكويت.
32. محمد، محمد رحمة اللة الخضر (2017) التغيرات الجسمية وعلاقتها بالتوافق النفسي الاجتماعي وبعض متغيرات الدميوغرافية (رسالة ماجستير غير منشورة)، جـامعـة الجزيـرة، سودان .
33. نعيسة، رغداء (2015) مستوى قوة الأنا وعلاقته بمستوى التوافق النفسي الاجتماعي لدى عينة من زوجات الشهداء في محافظة دمشق. مجلة جامعة دمشق، المجلد 31، العدد الاول 2015، 323-372 .
34. يوسف، بودلال و بوعلام، هنوس (2015) دور الرياضة المدرسية في تحقيق التوافق النفسي الاجتماعي دراسة ميدانية ببعض ثانويات والية جيجل (رسالة ماجستير غير منشورة )، جامــعة العربي بن مهيدي – أم البواقي .

**سەرچاوە کوردیەکان**

35. محمد، ئاراس عثمان (2016) گونجانی دەروونی و کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی بەکارهێنەری تۆرە کۆمەڵایەتیەکان لە زانکۆی گەرمیان (ماستەرنامەی بڵاونەکراوە )، زانکۆی گەرمیان.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.1.4
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)